# سەرۆک بارزانی بۆ رۆژنامەی الحياة: بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پرۆسەیەکی ئاشتی و دوور لە توندوتیژییە



بەڕێز مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی حەیات، کە لە ژمارە (19850)ی دوێنێ چوارشەممە 9ی ئاب بڵاوکراوەتەوە و ئاماژە بە پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و حەشدی شەعبی دەکات، هاوکات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەبارەی سەرهەڵدانی شەڕی دیکە لە ناوچەکە گوتی: بە هیچ شێوەیەک هەوڵ بۆ شەڕ نادەن، بەڵام بەردەوام ئامادەن بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەن. هاوکات سەرۆک بارزانی لەبارەی چارەنووسی کەرکووکەوە روونیکردووەتەوە کە پێشبینی ناکەین کەرکووک ببێتە سەرچاوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، دەشڵێت: هەر ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا بکرێت، ئەوا بە بێ هەرێمی کوردستان نابێت. دەقی دیمانەکە لەلاپەرە سێ بخوێنەوە.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5327) پێنج شەممە 10ی ئاب2017 «16» لاپەڕە «500» دینار

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانایانی ئایینی کۆبۆوە

# سەرۆک بارزانی: حکوومەتی عێراق 55 ماددەی دەستووری پێشێل کردووە

# ریفراندۆم هی تاکە کەس نییە و هی هەموو تاکێکی کوردستان و حزبێکی کوردستانە



2

دوێنێ چوارشەممە 2017/8/9 لە شاری هەولێر و لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و زانای ئایینی و کەسایەتییە فکری و ئایینییەکانی کوردستان کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک بارزانی گوتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا ڕۆشنایی خستەسەر ڕیفراندۆم و بڕیاری گەلی کوردستان بۆ پیادەکردنی مافی چارەنووس و رایگەیاند، ریفراندۆم تەنیا بۆ گەلی کورد نییە و بۆ تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستانە.

هەروەها ئەوەیشی خستەڕوو کە عێراق شکستی هێناوە لەوەی بتوانێت کوردستان وەکو هاوبەشێکی راستەقینە قەبووڵ بکات و زیاتر لە 4500 گوندی وێران کرد، وێڕای پرۆسەی تەعریبکردن، گەلی کوردی ئەنفال کرد و بە چەکی کیمیاییش کوردستانی بۆردوومان کرد.

سەرۆک بارزانی لە بارەی پێشێلکردنی دەستووری عێراقیشەوە روونی کردەوە، لە دوای 2003 حکوومەتی عێراق، نزیکەی 55 ماددەی دەستووری پێشێل کردووە، کە زۆرینەی گەلی عێراق دەنگی پێداوە، هاوکات سوونە و کوردیش پەراوێزخراون. دووپاتیشی کردەوە، کورد هەوڵی زۆریداوە بۆ ئەوەی وڵاتێکی فیدراڵی لە عێراق بنیات بنرێت و لە 2004 رێژەی کورد لە سوپای عێراق 40% بوو، بەڵام ئێستا ئەو رێژەیە سفرە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەش کرد، چەند جارێک رایانگەیاندووە، ئەگەر عێراق لە پێشێلکردنی دەستوور بەردەوام بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان بەشێک نابێت لە عێراق.

سەبارەت بەوانەی کە دەڵێن کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان گونجاو نییە، بارزانی رایگەیاند، با ئەوان پێشنیازی کاتێکی گونجاو بکەن و بەدیلەکانییان بخەنەڕوو. ڕاشیگەیاند، ئەگەر ئەوانەی داوای دواخستنی ریفراندۆم دەکەن هیچ بەدیل و ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزتریان نییە، با داوای دواخستنی ریفراندۆم نەکەن، چونکە ئێمە دوای ناخەین.

هەر لە درێژەی وتەکانی لەگەڵ مامۆستایانی ئاینی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: "مامۆستایانی ئاینی لە شۆڕشی ئەیلول رۆڵی سەرەکییان بینی، لە ئاراستەکردن و هاندان و بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی خەڵک، هەندێک لە مامۆستایان شەهیدیش بوون، داواتان لێ دەکەم ئەو رۆڵەی لە شۆڕشی ئەیلول بینیوتانە بۆ سەربەخۆیی کوردستانیش ئەو رۆڵە ببینن، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین هەموو رێبەرەکانمان پیاوی ئاینی بوون، هەر لە شێخ عەبدوڵڵای نەهری تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ سەعیدی پیران و سەید عەلی رەزا و پێشەوا قازی، من هەمیشە قەناعەتێکی تەواوم هەیە کە ئاین و نیشتمان لێک جیا ناکرێنەوە و تەواوکەری یەکترن، بەشێکی زۆری ئەو خەباتە دەکەوێتە سەر شانی ئێوەی بەڕێز، دەبێ ئەو خەڵکە تێبگەیەنن و پێبگەیەنن".

سەرۆک بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "ئەوانەی ئێش و ئازاری ژێردەستەیی و ئەنفال و کیمیاباران و دەربەدەرییان دیوە، ئەوان نرخی ئازادی دەزانن".

لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی: "ریفراندۆم هی تاکە کەس نییە و هی هەموو تاکێکی کوردستان و حزبێکی کوردستانە، ئەوانەی رۆژی 7ی حوزەیران ئەو بڕیارەیاندا، سەروەرییەکی گەورەیان بۆ خۆیان تۆمارکرد لە مێژووی کورد و کوردستان".

**فۆتۆ: ئازاد لەشکری**

## عەلی قازی: سەربەخۆیی کوردستان هۆکاری سەقامگیری و ئاشتییە لە ناوچەکەدا

عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا پشتیوانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان راگەیاند. داوایشی لە سەرجەم حیزبەکانی کوردستان کرد رۆژی 25ی ئەیلوول بە یەکەوە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و داوای ئازادی و سەربەخۆیی بکەن. عەلی قازی ئومێدی خواست خەڵکێکی زۆری کوردستان بەشداری ئەو ریفراندۆمە بکەن و بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن. گوتیشی: وەکو چۆن پێشەوا قازی محەممەد گیانی خۆی فیدای ئەو میللەتە کرد، منیش وەکو کوڕی پێشەوا ئامادەم ئەگەر بێت بە مردنی من کوردستان یەک هەنگاو بەرەو پێش بڕوات، گیانی خۆم فیدای کوردستان بکەم. **دەقەکەی لەلاپەرە چوار بخوێنەوە**

## بەرپرسی لقی 15ی پارتی: زۆرینەی خەڵک و پێکهاتەکانی خانەقین لەگەڵ سەربەخۆییدان

پارت و لایەنە سیاسییەکانی خانەقین بە هەموو پێکهاتەکانەوە ئامادەن دەنگ بۆ سەربەخۆییی کوردستان بدەن لە ڕیفراندۆمی 25ی ئەیلوولی داهاتوودا. بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت، عەرەبەکانی ناوچەکە زیاتر لە ئێمە دەخوازن خانەقین بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. جەعفەر شێخ مستەفا، بەرپرسی لقی 15ی پارتی لە خانەقین بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: حزب و لایەنە کوردستانییەکانی کەرکووک بە یەک دەنگ و هەڵوێست خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕیفڕاندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئامادە کردووە. **دەقەکەی لەلاپەرە چوار بخوێنەوە**

## گۆڤاری فۆربس: نێچیرڤان بارزانی داهاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرچاوەکانی زیاد دەکات

4

### شاندێکی هەرێمی کوردستان بۆ گەیاندنی پەیامی ریفراندۆم دەچێتە بەغدا

# رۆمیۆ هەکاری: ئێمە لەو سەردانەدا باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکەین



نوێنەری مەسیحییەکانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا دەڵێت، هەفتەی داهاتوو سەردانی بەغدا دەکەن و رۆژی شەممەش بۆ ئامادەکاریی ئەو سەردانە کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامدەدەن و کە دەچنە بەغدا، هۆکاری ئەوە بۆ بەغدا ڕوون دەکەنەوە، کە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ریفراندۆم ئەنجامبدەن، چونکە هیچ ئومێدێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەماوە. پێش دوو رۆژ لیژنەی باڵای ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە و تێیدا شاندی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدای پەسەند کرد و دوێنێش ئەوشاندە لە نێوخۆیاندا لە ماڵی (ڕۆژ نووری شاویس) کۆ بوونەوە و بڕیاریش دراوە، هەفتەی داهاتوو ئەو شاندە سەردانی بەغدا بکات.

نوێنەری مەسیحییەکانی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، رۆمیۆ هەکاری بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: شاندی هەرێم بۆ بەغدا دیاری کرا و باسی هەندێک خاڵ کرا بۆ ئەجێندای سەردانەکە و باسی کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان کرا و رۆژی شەممە، پێش سەردانەکە کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامدەدەین، بۆ ئەوەی بزانین لەگەڵ چ لایەنێک کۆ بینەوە و جگە لەوەش، لەو کۆبوونەوەیەدا رۆژی سەردانەکەش دیاری دەکەین، کە ئەویش هەفتەی داهاتوو دەبێت. رۆمیۆ هەکاری گوتی: ئێمە لەو سەردانە باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین و باسی ئەو هۆکارانە دەکەین، کە سەرکردایەتیی کوردیان گەیاندووتەوە ئەو بڕوایەی پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدات، بۆ نموونە، ئەو کێشانەی بەغدا ماوەی 10 ساڵە بەڵێن دەدات و چارەسەری نەکردوون، لەوانە کێشەی نەوت و گاز و کێشەکانی دیکە، بۆیە هیچ ئومێدێک نەماوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام دەدەین. دەربارەی ئەوەی تا چەند بەغدا وەڵامێکی ئیجابیی دەربارەی داواکاریی کورد بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم دەبێت، هەکاری ڕوونی کردەوە: تاوەکو گفتوگۆ نەکەین، نازانین هەڵوێستیان چۆن دەبێت، بەڵام بە لای کەمەوە، پێویستە دوو سێ دانیشتن بکەین، ئەوکات ئەنجامەکەی ئاشکرا دەبێت. هەکاری زیاتر گوتی: مەرج نییە تەنیا سەردانێک بۆ بەغدا بکەین و ڕەنگە چەندین سەردان بکەین، تا دەگەینە ڕێککەوتنێک، ئەمەش لەسەر ئەنجامی سەردانەکان دەمێنێتەوە، چونکە بە دانیشتنێک ناتوانین بگەینە ئەنجام.

### راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق:

## سەردانی شاندی هەرێم بیانووی بەغدا دەبڕێت

عەبدوڵا عەلیاوەیی، راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق دەڵێت، هەفتەی دابێ، شاندی هەرێمی کوردستان دەگاتە بەغدا و بۆ گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆسەی ریفراندۆم، تاوەکو بیانوویان نەمێنێت لەسەر ئاگادارکردنەوەیان، راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاندووە: چوونی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بۆ ئەوەیە کە سبەی ریفراندۆم ئەنجامدرا، هیچ بیانوویان نەمێنێت و باس لە ئاگادارنەکردنەوەیان لە لایەن هەرێمەوە بکەن، شاندەکە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبوونەوە ئەنجام دەدەن. ناوبراو ئاماژە بە روونیی قسەکردنی شاندی باڵای ریفراندۆم لەگەڵ بەغدا دەکات و دەڵێت: شاندی هەرێمی کوردستان بە روونی لەگەڵ بەغدا و لە بارەی هەموو پرسەکان قسە دەکەن، پێشیان رادەگەیێنن، کە ئێمە پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام دەدەین ، ئەو بە پێویستیشی دەزانێت، شاندەکەی هەرێم گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بکات، بە تایبەت ئەو لایەنانەی کورسییان لە پەرلەمان هەیە. ئەو راوێژکارەی سەرۆککۆمار، ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم بە دروستکردنی کێشە بۆ عێراق لە لایەن هەندێ لایەنی عێراقییەوە ناو دەبرێت، رەت دەکاتەوە، ئەو بڕیارەی هەرێمی کوردستان کێشە بۆ عێراق دروست ناکات.



## دۆناڵد ترەمپ هۆتێل لە هەولێر دەکاتەوە

پێگەی فۆربێس میدڵ ئیست بڵاویکردووەتەوە کە چەند راپۆرتێک ئاماژەیان بەوە داوە ئەگەری هەیە بەمزووانە، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکێک لە هۆتێلە شاهانەییەکانی خۆی لە شاری هەولێر بە تایبەتی لە عەنکاوە بکاتەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی، فۆربێس میدڵ ئیست، کە زاک دی هەف، شارەزا لە کاروباری کوردستان نووسیویەتی، تەنها لە شاری کەرکووک و لە ماوەی ساڵی رابردوودا، بە هۆی ئەو ئارامیەی پیشمەرگە دابینیکردووە، یەک ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە. هاوکات راپۆرتەکە ئەوەشی روونکردووەتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووبووە لە دانەوەی 25%قەرزەکانی سەری.